# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی دەیەم: لەبارەی هاوبەشی (شەریکایەتی) وە

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب العاشر: في الشركة

< kurdish - کوردی - كردي >


**دەستە بژێرێک لە زانایان**

نخبة من العلماء

**وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لەبارەی هاوبەشی ( شەریکایەتی ) وە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز بەیارمەتی خوای گەورە  لەبارەی هاوبەشی ( شەریکایەتی ) وە، دوو بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : پێناسەی هاوبەشی ( شەریکایەتی ) و حوکم وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : جۆرەکانی هاوبەشی گرێبەستەکان .

**بابەتی یەکەم : پێناسەی هاوبەش بوون ( شەریکایەتی ) و حوکم وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی .**

**1- پێناسەی هاوبەشی ( شەریکایەتی ) :**

هاوبەشی ( شەریکایەتی ) : لە زمانەوانیدا بە مانای تێکەڵاوی دێت، تێکەڵاوکردنی ماڵێك بە ماڵێکی تر، بەشێوەیەك ئەو دوو ماڵە نەتوانرێت لەیەك جیا بکرێنەوە .

لە زاراوەی شەرعیشدا بە مانای : کۆبونەوە وهاوبەش بوونە لە مافێك، یان لە هەڵسکەوت و تەصروفێك .

کۆبونەوە وهاوبەشی لە مافێك : ئەم جۆرە هاوبەشی بوونە یان بەبێ وویست و خواستی هاوبەشەکانە، وەك هاوبەش بوون لەو میراتەی بۆیان بەجێماوە، یان لەو ووەصیەتەی بۆیان کراوە، یان لەو ماڵەی کە پێیان بەخشیوون، یان شەریکایەتی کردن بە وویستی خۆیان لە کڕینی موڵکێك، ئەم جۆرەیان پێیشی دەوترێت ( هاوبەشی لە موڵك ) .

هاوبەشی  لە هەڵسوکەوت وتەصەڕوف : ئەو هاوبەشیەیە  کە بە ( هاوبەشی گرێبەستەکان ) ناسراوە، ئێمەش لەم ووتارەماندا زیاتر مەبەستمان ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەم جۆرەیانە لەوەی باسمانکرد.

ئەوەش ئەو دوو جۆرەی هاوبەشی ( شەریکایەتی ) یە بوو بە پێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە کە باسمانکرد .

2- بەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی هاوبەشی ( الشركة ) :

هاوبەشی ( شەریکایەتی ) کارێکی ڕێگا پێدراو و مەشروعە، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەڵگەن لەسەر ڕاستی ودروستی ئەم بابەتە .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ﴾ (1) .

واتا : هەروایش بووە بەراستی زۆرێ لە شەریکە ماڵەکان فێڵ و ستەم لەیەکتر ئەکەن.

هەروەها لە جێگایەکەی تردا فەرموویەتی : ﴿ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوٓاْ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِ ﴾ (2) .

واتا : خۆ ئەگەر پیاوێک یان ئافرەتێک مرد منداڵ و باوک و باپیرو براو خوشکی دایک و باوکی نەبوو، بەڵکو تەنها خوشکێک یان برایەکی دایکی هەبوو، ئەوە شەشیەک بەشی هەر یەکێک لەوان دەبێت، خۆ ئەگەر براو خوشکی دایکی لە یەک زیاتر بوون ئەوە هەموویان هاوبەشن لە سێیەکی میراتیەکەدا .

لە سوننەتیشدا هاتووە : عن أبي هُرَيْرَةَ رَفَعَهُ قال : ( صلى الله عليه وسلم ) : { إِنَّ اللَّهَ يقول أنا ثَالِثُ الشَّرِيكَيْنِ ما لم يَخُنْ أَحَدُهُمَا صَاحِبَهُ فإذا خَانَهُ خَرَجْتُ من بَيْنِهِمَا } (3) .

واتا : ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێ: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: خوای گەورە دەفەرموێ: من سێیەمی دوو شەریکەکانم تا خیانەت لەگەڵ یەکتری نەکەن، جا ئەگەر هەر کاتێك یەکێکیان خیانەتی لەگەڵ ئەوەی تر کرد من لە نێوانیان دەردەچم - واتە بەرەکەت لە ماڵەکەیاندا ناهێڵم- .

---

(1) سورەتی ص : ئایەتی : 24 .
(2) سورەتی ص : ئایەتی : 24 .
(3) ئەبو دواد بە فەرمووددەی ژمارە ( 3383) ڕیوایەتی کردووە .

عن السَّائِبِ قال أَتَيْتُ النبي ( صلى الله عليه وسلم ) فَجَعَلُوا يُثْنُونَ عَلَيَّ وَيَذْكُرُونِّي فقال رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) : { أنا أَعْلَمُكُمْ يَعْنِي بِهِ قلت صَدَقْتَ بِأَبِي أنت وَأُمِّي كُنْتَ شَرِيكِي فَنِعْمَ الشَّرِيكُ كُنْتَ لَا تُدَارِي ولاتماري } [1] .

واتا : سائیب ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێ: ڕۆشتمە خزمەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) هاوەڵانی دەستیان كردە وەسف و سەنای من بە چاكە ناویان دەبردم، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: من لە هەمووتان چاكتر دەیناسم، منیش وتم: ڕاست دەكەی بە دایك و باوكەوە بە قوربانت بم: تۆ شەریكم بوی جا چاكترین شەریك بووی هەرگیز ڕێگری و دەمەقاڵەت لەگەڵدا نەدەكردم .

هاوبەشی وشەریكایەتی كردن یەكێكە لەو گرێبەستانەی كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگای پێداوە و بەدروستی داناوە، چونكە كۆمەڵگە پێویستیەكی زۆری پێیەتی، بەتایبەتی لە پرۆژە گەورەكاندا، چونكە تەنها كەسێك ناتوانێت خۆی بە تەنها پێی هەڵسێت و جێ بەجێی بكات .

**بابەتی دووەم : جۆرەكانی هاوبەشی ( شەریكایەتی ) گرێبەستەكان .**

هاوبەشی ( شەریكایەتی ) گرێبەستەكان چەند جۆرێكیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە : -

**1- هاوبەشی ( شەریكایەتی ) لە ماڵێكدا بۆ بازرگانی كردن پێوەی ( شركة العنان ) [2]**

ئەمەش بریتیە لەوەی دوو كەس یان زیاتر هاوبەش وشەریك بن لە ماڵ وسامانێكدا بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بكەن، بەم ناوەوە ناونراوە چونكە هاوبەش وشەریكەكان یەكسانن لەو ماڵ وسامانەی كە خستویانەتە ئەو كارەیانەوە، لەگەڵ هاوبەشی بوون لە هەڵسوكەوت و تەصەڕوف كردن پێوەی، وەك یەكسانی لەغاوی ئەو دوو سوارەی كە سواری ئەسپیەكانیان بوون وبە یەك ئاست ئەسپەكانیان لێ دەخوڕن، بۆ ڕاست ودروستی ئەم جۆرە لە شەریكایەتی دەبێت دوو هاوبەشە یان هەموو هاوبەش و شەریكەكان وەك یەك بەشدار بن لەو ماڵ وسامان وپارەیەی لە

---

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (4836) وە ابن ماجه بە فەرموودەی ژمارە (2287) ڕیوایەتیان كردووە .

(2) عنان : مەبەست لێی لەغاوی وولاخە، بۆیە بەم ناوەوە ناونراوە، چواندویانە بەو دوو سوارەی كە هەریەكەیان سواری ئەسپێك بووە و بەڕێگایەكدا بە یەكسانی دەڕۆن، بەڕادەیەك یەكسانن تەنانەت لەغاوی وولاخەكانیشیان وەك یەك وایە .

نێوان خۆیاندا کۆیان کردووەتەوە، وە دەبێت ڕێژی قازانجی هەریەك لەو دوو هاوبەشەیش یان لە هاوبەشەکانیش دیاری بکرێت .

هاوبەش بوون ( شەریکایەتی موضارەبە ) : ئەمەش بریتیە لەوەی کەسێك ماڵ وسامان وپارە بدات بەکەسێکی تر بۆ ئەوەی بەو پارە و ماڵو سامانەوە بازرگانی بکات لە بەرامبەر ئەوەی بەشێك لە قازانجەکەی بۆ ئەو کەسە بێت کە بازرگانی بە پارەکەوە دەکات .

**2-هاوبەشی ( شەریکایەتی ) خاوەن متمانە وپلە وپایەی کۆمەڵایەتی : شركة الوجوه :**

بەو شەریکایەتی وهاوبەشیە دەوترێت کە هاوبەشەکان شەریك بن لەو قازانجەی کە هەریەکەیان بە متمانە وپلە وپایەی کۆمەڵایەتی خۆی بەدەستی دەهێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان سەرمایەیەك بدات بۆ ئەو شەریکایەتیە، بەڵکو پشت بەو متمانە و سومعەیە دەبەستن کە لای بازرگانەکان هەیانە .

**3-هاوبەشی ( شەریکایەتی ) بە لاشە وجەستە :**

پێشیدەوترێت شەریکایەتی لە کارو ئیشدا، ئەوەیە دوو کەس یا زیاتر ڕێك بکەون کارێکی موباح بکەن ئەو پارەی پەیدا دەکەن لەنێوانیان بەشی بکەن بەپێی ڕێکەوتنیان، وەك پێکەوە گزرە و گژو گیا و کا کۆ بکەنەوە، یان پێکەوە بچن بۆ ڕاوە ماسی یان هەر ڕاوێکی تر، یان پێکەوە بچن بۆ کانی ئاسن و زێڕ وزیوو، یان پێکەوە بچن بۆ شاخ بۆ دار کردن، یان هاوبەش وشەریك بن لە پیشەیەك کە خەڵکی بۆیان دەهێنن بۆ ئەوەی بۆیان ئەنجام بدەن، وەك پیشەی ڕستن وچنین و بەرگدروویی و هاوشێوەکانیان ..

سەبارەت بە قازانج وزەرەر وزیانیش بەو شیوەیە دابەش دەکرێت لە نێوان هاوبەشەکاندا کە پێشتر لە نێو خۆیاندا ڕیککەوتون لەسەری، هاوبەشی و شەریکایەتی ( موضاربە ) نەبێت، کە قازانج بەو شێوەیە دەبێت کە ڕێککەوتوون لەسەری، بەڵام زەرەرو زیان تەنها بۆ خاوەن ماڵ وپارە دەبێت، چونکە ئەو تەنها پارە وماڵی داوە، وە ئەو کەسەشی کە بازرگانی بە ماڵەکەوە دەکات ووزە و توانا و کاتی ئەو ڕۆژانەی زەرەر کردووە کە ڕۆشتوون لێی، هەرکاتێکیش هەر کەسێکی لە هاوبەش و شەریکەکان بیەوێت گرێبەستی شەریکایەتیەکە هەڵبوەشێنێتەوە ئەوا

ئەو مافەی هەیە، هەروەك چۆن هاوبەشی وشەریکایەتی بە مردنی یان شێت بوونی یەکێکیان هەڵدەوەشێتەوە، چونکە شایستەی هەڵسوکەوت کردنی بە ماڵ ودارایییەوە لەدەستداوە ..

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین کە بە فەزڵ وبەخشندەیی خۆی بەرەکەت بخاتە نێوان ئەو شەریکانەی کە بە پارە و سامانیان خەرکی بازرگانی کردنی حەڵاڵ و دروستن، وە مافی هەژاران ونەداران ناهێڵن بەسەر ماڵ وسامانیانەوە، وە لەکاتی خۆیدا زەکاتی سەروەت وسامانیان دەردەکەن]

وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم